# خۆپیشاندان بەردەوامەو ئاسایشیش هەلدەکوتێتە سەر دووئەندامی دەستەی داکۆکی!

خۆپیشاندانی خەلکی شاری سلێمانی بەردەوامە. زیاتر لە 1000کەس تا ئێستا لە بەردەم حەسیب صالحدا کۆبونەتەوە. دروشمی دژی گەندەڵی بە دەسەلاتداران دەلێنەوەو داوای ئازادکردنی زیندانیانی سیاسیو دابینکردنی ئاوو کارەباو سوتەمەنی دەکەنو ژمارەیەکی زۆر لە ئاسایشی مەدەنیو پۆلیسی جامخانە بەست بەوناوەدا بلاوبونەتەوەو چەند حالەتێکی برینداریش ڕویداوە.
لەکاتژمێر 1ی دوای نیوەرۆ هێزیکی ئاسایش هەلدەکوتێە سەرمالێك لە بەکرەجۆ کە نەوزادی صەلاح بابانو عەلی مولودی لێدەبێت، کە هەردووکیان ئەنامی دەستەی داکۆکی لە داخوازییەکانی خەڵکی شاری سلێمانی ینو دەست بەجیٚ زیندانیان دەکەن. شایانی باسە بوتریت کە خاوەن ماڵەکەشیان بردوە کە پەیوەندی بەهیچ شتیکەوەنیە، تەنها ئەوە نەبیت کە ئەو دووکەسە لەمالیاندا بون.
خەڵکی کوردستان بە هەلکوتینە سەرمالان، ئاشنانو دەزانن کردەوەی کێیەو بۆچی رەفتاری پێکراوە. خەڵکی کوردستان ئەو یادە تاڵانەیان لەیاد ناچێتەوە، کە بەهۆی کەسێکەوە ماڵو براو کەسوکاری هەمووی راپێچدەکران بۆزیندانە تاریکەکانی بەعس. ئەم رەفتارەی یەکێتی نیتشمانی ئەو یادە تالانە بیری خەڵکی کوردستان دەهێنیتەوە.
هەلکوتینە سەرمالان قەدەغەیەو بەتوندی ئیدانەی دەکەین، زیندانیکردنی نەوزادو عەلی مەلود بەتوندی ئیدانە دەکەینو داوا دەکەین دەست بەجیٚی لەگەل گشت زیندانە سیاسیەکانی دیکەدا ئازاد بکرین. زیندانی سیاسی پێویستی بەکەفالەت نیە، ئەوە دەسەلاتدارانن لەسەریانە کە کەفالەت بدەن بەخەڵکی کوردستان کە لەمەودا دەست هەلدەگرن لە سەرکوتو گولله بارانکردنی خەلکی کوردستان.

**ڕیکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2006/8/13